# وەک دکتۆرەکان بفرۆشە

نووسین: گەشتیار غەریب

**ناسنامەی کتێب**

- ناوی کتێب: وەک دکتۆرەکان بفرۆشتە
- نووسین: گەشتیار غەریب
- تایپ و پێداچوونەوە: زانیار غەریب
- نەخشاندنی بەرگ: میر موکری
- نەخشاندنی ناوەوە: زانیار غەریب
- نۆرەی چاپ: دووەم
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٣
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٣ هەزار
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٢٠٢)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.
- لە بەرهەمەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان - کتێبی ژمارە (٨).

# چۆن فرۆشمان زیادبکەین
# بەبێ ئەوەی نرخمان هەرزان بکەین؟

بۆ داواکردنی ئەم کتێبە: لێرە کلیک بکەن

کتێبێکی کورت و پوختە کە هەموو فرۆشیارێک سودی لێوەردەگرێت، ئەم نوسینە ئەکرێ خاوەن کارەکان وەک هەدیە پێشکەشی فرۆشیارەکانی بکەن.

**م. دلێر عومەر ـ ڕاهێنەری پەرەپێدانی کەسی ـ سلێمانی**

ئەم کتێبە یەکێکە لە بەرهەمە گەوهەرئاساکان بۆ فرۆشیاران، دڵنیام ئەوەی بیخوێنێتەوە و خاڵەکانی جێبەجێ بکات دەیکاتە دکتۆر و براند لە بوارەکەی خۆیدا.

**هێمن محمد امین - ئەندازیاری ڕاوێژکاری کشتوکاڵی - سلێمانی**

ئەم کتێبە بێ سەرلێتێکچوون خوێنەر لە پرسیارێکی گرنگەوە دەگەیەنێتە پرسیارێکی گرنگتر. ئەگەر هەتا کۆتایی زنجیرەکە بڕۆیت وەڵام نامێنێت لات نەبێت. هەر بمێنن.

**محمد نەجات ستار - فرۆشیار - کفری**

کتێبێکی نایابە، هەروەک چۆن منداڵێک پەروەردە ئەکەیت هەنگاو بە هەنگاو، تا ببێتە باشترین. ئەم پەرتوکەش هەنگاو بەهەنگاو ئەتکاتە باشترین فرۆشیار .

**م. سەنا جاف - بازیان**

ئەم کتێبە گەنجینەی نهێنیەکانی فرۆشە. کڕیار پێش ئەوەی پارەی گیرفانی بدات بە ئێمە، متمانەی دەدات پێمان .

**کۆسرەت عەبدولەکەریم- ئەندازیار - سەیدسادق**

ئەم کتێبەی بەردەستت کارێکی ناوازەیە؛ کۆمەڵێک بنەمای زانستی لە بواری فرۆش بە زمانێکی سادە و ئاسان دەگەیەنێت، کە هەر خاوەنکار و فرۆشیارێک بە خێرایی دەتوانێت کرداری پێ بکات و بە زووترین کات داهاتی بەرزبکاتەوە.

**ئاوات نەسروڵلا - بەڕێوەبەری ئاوات ئەکادیمی- ماستەر لە کارگێڕی نێودەوڵەتی**

بازرگانی، بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکە پێش پارەکانیان، پێویستە لە سەرەتادا بیر لە متمانەی کڕیارانت بکەیتەوە، تاکو کڕینەکانیان لای تۆ بکەن. ئەم کتێبە فێرت دەکات چۆن متمانەی خەڵک بەدەستبهێنیت.

**عومەر حەمە حسێن – پەرستاری پەیمانگا – چوارقوڕنە**

گرینگ نیە دکتۆر بی یاخود فرۆشیار ئەوەی گرینگە متمانە دروستبکەیت لای خەڵکی. لەم کتێبەدا فێری ئەو متمانە سازییە دەبن.

**ڕێژین عومەر ئەبوبەکر ـــ قوتابی زانکۆ ـــ قەڵادزێ**

ئەمەی بەردەستت کتێبێکی نوسراو نییە، بەڵکو ڕێبەری تۆیە دەتکاتە شارەزایەکی خاوەن متمانە لای مشتەریەکانت، وە پەیژەی سەرکەوتن و ساماندارببوونە لە سەردەمی نوێی بازرگانیدا.

**کەریم ئەحمەد – نوسینگەی مێگاماپ – ڕانیە**

# بەشی سێیەم

## ئاشنابوون بە فرۆش

فرۆشی ڕاستەقینە ئەوەیە: کڕیارەکەمان کاڵاکەمان لێیبکڕێت و دووبارە بێتەوە و کاڵاکانمان بکڕێت.

بەڵام ئەگەر کاڵاکەمان لەو کاڵایانە بوو کە نەدەکرا دووبارە لێمان‌بکڕێت، وەک قەنەفە و کەوانتەر و هاوشێوەکانیان، ئەوا کڕیارەکە لای خزم و ناسراوەکانی باسمان بکات و ئەوان بنێرێت کە لێمان بکڕن.

✰ لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە:

ئەگەر فرۆشیارێک کڕیارێکی خەڵەتاند و شتێکی پێ فرۆشت، بە فرۆشیارەکە دەوترێت فرۆشیار؟

وەڵام: نەخێر، پێی دەوترێت قۆڵبڕ.

ئەگەرچی توانیویەتی کاڵاکەیش بفرۆشێت، بەڵام فرۆشیارێکی فێڵبازە.

ئێمە بە هیچ جۆرێک نامانەوێت ببینە فرۆشیارێکی فێڵباز. چونکە دەکرێت بە ڕێگای دروست فرۆشتن بکەین.

ئەگەر بە دروستی کارمانکرد، ئەوا شەو کە سەرمان خستە سەر سەرین بە ئارامی دەخەوین. هیچ چیژێک لە پارەیەکدا نییە کە ئارامیمان لێ بسێنێت.

کەوایە لەم کتێبەدا فێردەبین: کاڵاکانمان بە جۆرێک بفرۆشین؛ کە کڕیارەکەمان ڕازی بێت لە کڕینەکەی.

ئەمە چۆن دەکرێت؟

لەم کتێبەدا بە وردی باسکراوە. با سەرەتا فرۆش پۆلێن بکەین بۆ چەند قۆناغێک: بڕوانە ئەم وێنە هێڵکارییە:



فرۆش پرۆسەیەکی پێنج هەنگاوییە، لەو کاتەی کڕیار دێتە ناو (فرۆشگا)کەمانەوە، هەتا کاڵاکەی دەکڕێت و دەڕوات، ئێمە دەبێت بە پێنج قۆناغدا بڕۆین.

قۆناغەکان کە لە وێنە هێڵکارییەکەی سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە، ئەمانەن:

یەکەم: متمانەسازی.

سەرەتا متمانە لای کڕیارەکەمان دروستدەکەین.

دووەم: پرسیارکردن.

لێی دەپرسین و تێدەگەین سەرەکیترین هۆکاری کڕینەکەی چییە.

سێیەم: دڵنیابوونەوە.

دڵنیادەبینەوە لەوەی تێگەشتنەکەمان دروستە.

چوارەم: پێشنیارکردن.

کاڵاکەمانی بۆ پێشنیار دەکەین.

پێنجەم: وەڵامدانەوەی بیانووەکان.

وەڵامی بیانووەکانی دەدەینەوە.

کەواتە: فرۆشتن بە متمانە دروستکردن لای کڕیارەکەمان دەستپێدەکات، دواتر پرسیار لێکردن، دواتر دڵنیابوونەوە

لەوەی ئەیەوێت، پاشان پێی بڵێین: ئەم کاڵایە بکڕە، ئەگەریش بیانووی هەبوو وەڵامی دروستمان بۆی هەبێت.

ئەگەر ئێمە ڕیزبەندی فرۆشمان وەک خۆی ئەنجام نەدا، فرۆشتنەکە لەدەست دەدەین!

لەم ماوەی پێشوودا چووین زۆپایەک بکڕین.

وتمان: (زۆپایەکی غازمان دەوێت).

فرۆشیارەکە یەکسەر وتی: ئەمەمان هەیە بە (١٢٠ هەزارە) ئەمەی تریش بە (١٥٠ هەزارە) و ئەوەی تریشمان هەیە.. هتد.

کاتێک قسەی دەکرد و نرخەکانی دەوت، بیرم لەوە دەکردەوە، جارێ فرۆشیارەکە نازانێت من بۆچی زۆپای غازم دەوێت، نازانێت خۆم زانیاریم هەیە لەسەر زۆپای غاز یان نا، یەکسەر نرخ دەخوێنێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی ڕیزبەندیی وتنی نرخەکانیشی هەڵە بوو.

کە لە قسەکردن تەواوبوو، وتم: دەستت خۆشبێت، بەجێمهێشت.

☆ بۆچی؟

چونکە ئەو نەیوت تۆ ئەم کێشەیەت هەیە بۆیە هاتوویت بۆ زۆپای غاز و بۆ ئەو کێشەیەش دەبێت ئەم جۆرە زۆپایە بەکاربهێنیت.

بیرتانە وتمان: (متمانە سازی هۆکاری سەرەکییە کە دکتۆرەکان دەتوانن بفرۆشن)؟

کەوایە ئەگەر سەرەتا متمانەسازیمان نەکرد چی ڕوودەدات؟

کڕیارەکە وا هەست ناکات کە ئێمە چارەسازین و ئەمانەوێت چارەی کێشەکەی بکەین، بەڵکو وا هەست ئەکات کە تەنها ئەمانەوێت کاڵاکەمان ساغکەینەوە.

کاتێکیش ئەو هەستە بکات، ئیتر متمانەی پێمان نابێت و ئەترسێت لەوەی بیخەڵەتێنین. ئەمەیش نائاسوودەی دەکات لە کاتی کڕینەکەیدا، وە زۆرجار ئەیەوێت لێمان نەکڕێت و بەجێمان بهێڵێت.

کڕیارەکان هەمیشە پێشبینییەکیان هەیە ئەویش ئەوەیە: هەموو فرۆشیارەکان کەسانێکیناباشن و دەیانەوێت بمانخەڵەتێنن.

لەبەر ئەوەیش کاتێک دێنە ناو فرۆشگاکەت یان کۆمپانیاکەتەوە، ڕاستەوخۆ بۆ بەڵگەیەک دەگەڕێن کە بیسەلمێنێت ئەم فرۆشیارە باش نییە.

بچووکترین کارێک کە وا دەربخات دەتەوێت کاڵاکەیان بەسەردا ساغبکەیتەوە، وا دەکات بڵێن: خۆمان وتمان قۆڵبڕە!

هەر ئەمە لەسەرت پێویست دەکات زۆر وریایانە مامەڵە بکەیت و قۆناغەکانی فرۆشتن وەک خۆی ئەنجام بدەیت.

# بەشی چوارەم

# لابردنی شمشێری کڕیار

سەرەکیترین کێشەی کڕیار ئەوەیە: نازانێت کاڵاکەی لە کام فرۆشیار بکڕێت کە نەخەڵەتێت، نە پارەی زیادی لێ بسەنرێت و، نە شتی خراپیشی پێ بدرێت.

سەرەکیترین کێشەی فرۆشیاریش ئەوەیە: کڕیارەکەی زۆر ماندووی دەکات و کاڵاکەیشی لێ ناکڕێت، ئەگەر بیشیکڕێت هەوڵدەدات باشترین کاڵای بە هەرزانترین نرخ لێ بکڕێت و فرۆشیارەکە سوود لە دەستی نەکات.

کەوایە: شەڕێکی سارد لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا بوونی هەیە، کە دەبێت نەیهێڵین.

## ✰ شەڕە ساردەکە چییە؟

شەڕەکە هەستێکی ناوەکییە کە لای کڕیار و فرۆشیاریش هەیە، هەردووکیان هەستیان ناسازە بەرانبەر بە یەکتر.

تۆی فرۆشیار:

هەستی باشت بۆ کڕیارەکەت نییە، ترست هەیە ماندووت بکات، ماوەیەکی زۆر لە دوکانەکەتدا بمێنێتەوە و بتگێڕێت بەسەر کاڵاکاندا و پرسیاری زۆرت لێ بکات و کاڵاکەیش نەکڕێت، یان ئەگەر بیشیکڕێت: ئەیەوێت باشترین کاڵات لێ بکڕێت بە خزمەتگوزاریەوە و بە هەرزانترین نرخ، تەنانەت

کڕیارەکە حەزدەکات قازانج نەکەیت، بەڵکو زەرەریش بکەیت.

لەبەرئەوە ئێمەی فرۆشیار لەگەڵ کریارەکانماندا نائاسوودەین و کڕیار لەناو بیرکردنەوەی ئێمەیا کەسێکی بێزارکەرە.

کڕیاریش بە هەمان جۆرە!

وا بیردەکاتەوە، فرۆشیار کەسێکی نادڵسۆزە، ئامانجی ئەوەیە کاڵای خۆی بفرۆشێت و پارەی دەستبکەوێت. پێی وایە:

فرۆشیار خراپترین کاڵای پێدەدات بە گرانترین نرخ.

کەوابێت کڕیار و فرۆشیار پێش ئەوەی هاوەڵی یەکتر بن نەیاری یەکترن.

کڕیار و فرۆشیار وەک دوو کەس وان کە شەڕە شمشێر دەکەن، هەر کەسەیان دەیەوێت زاڵبێت بەسەر ئەودا و لە شەڕەکەدا براوەبێت.

ئەگەر بڕیاربێت فرۆشیار کاڵا بفرۆشێت بە کڕیارێک کە شمشێرێکی بەدەستەوەیە و دەیەوێت فرۆشیارەکە بریندار بکات، ئەوا هیچ ڕێگایەک بوونی نییە جگە لە ڕێککەوتن.

دەبێت ڕێکبکەون و سەرەتا شمشێرەکانیان لابەرن.

- ☆ پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن شمشێرەکە بە کڕیارەکەمان لابەرین؟
- ✓ وەڵامەکە ئەوەیە:

پێی بڵێین: من هاوڕێی تۆم.

ئەمە چۆن بکەین؟

بە ڕێگەی دروستکردنی متمانە.

کەواتە لێرە بەدواوە دەبێت باسی چۆنێتیی متمانەسازی بکەین.

لەبیرتان بێت پێشتر لە لاپەڕە (25)دا وتمان: متمانە سازی دوو بەشە:

یەکەم: متمانەمان بە خۆمان.

دووەم: متمانەی کڕیار پێمان.

هەروەها وتمان: متمانەی خۆمان بە خۆمان گرنگتر و لەپێشترە لە متمانەی کڕیارەکەمان پێمان، چونکە هەتا متمانەمان بە خۆمان نەبێت کڕیاریش متمانەمان پێ ناکات.

بۆئەوەی متمانەمان بە خۆمان ببێت ئەبێت شارەزای بەرهەمەکەمان بین، هەروەها شارەزای فرۆش ببین، لێرەدا باسی شارەزابوون لە فرۆشدا دەکەین.

# چۆن شارەزا ببین لە فرۆشدا؟

ئێمە لە قۆناغی متمانەسازیدا دەمانەوێت شمشێرەکە بە کڕیارەکەمان دابنێین. بڵێین کاکە تۆ شمشێرەکەت دانێ، منیش شمشێرەکەم دائەنێم؛ ئێمە هاوڕێی یەکترین، ئێمە دوژمنی یەکتر نیین، با بە هاوڕێیانە دەستبکەین بە گفتوگۆ، جارێ باسی فرۆش لابەرە، نە من تۆ ئەخەڵەتێنم، نە تۆش من ناڕەحەت ئەکەیت.

ئەمەیش بە سێ قۆناغ دەکرێت:

یەکەم: پێش هاتنی کڕیار (لەیەکچوون):

پێش ئەوەی کڕیارەمان بێتە لامان، شتانێک دەکەین کە لە یەکتر بچین تاکو وا هەستبکات ئێمە هاوڕێی ئەوین.

دووەم: کاتی هاتنی کڕیار (کرانەوە):

کاتێک کڕیارەکە دێت، بە گەرمی و کراوەیی پێشوازیی دەکەین، شتانێک دەکەین کە هەست بە ئاسوودەیی بکات.

سێیەم: دوای هاتنی کڕیار (پسپۆڕی)

لێرەدا دەبێت بیسەلمێنین کە ئێمە هاوڕێی دڵسۆزی ئەوین و پسپۆڕیشین لە بوارەکەی خۆماندا، لەبەرئەوە ئامانجمان هاوکاریکردنییەتی.



## پێش هاتنی کڕیار (لەیەکچوون)

### یەکەم: جلوبەرگمان

یەکەم هەنگاوی متمانەسازی ئەوەیە: وا بکەین کڕیارەکەمان هەست بە ئاسوودەیی بکات لەگەڵماندا.

ئەمە چۆن دەکرێت؟

باشترین ڕێگا ئەوەیە

هەوڵبدەین خۆمان وەک کڕیارەکەمان لێبکەین.

ئەمەیش لە ڕێگای گونجاندنی پۆشاک و ڕواڵەتمانەوە دەکەین. ئەگەر کڕیارەکە هەستیکرد ئێمە هاوتەمەنی ئەوین و جلەکانمان وەک جلەکانی ئەوە، ئەوا ئاسوودەتر دەبێت لەگەڵماندا و ئەمەیش وا دەکات ئاسانتر کڕینەکەی خۆی بکات.

ئایا دەبێت هەمیشە چاکەتوپانتۆڵ لەبەربکەین؟

نەخێر: جلەکانمان بەپێی پۆشاکی زۆرینەی کڕیارەکانمان ڕێکدەخەین، بە دڵنیایی دەزانیت ناگونجێت بچیت بۆ هۆڵێکی لەشجوانی و خاوەنی هۆڵەکە جلی کوردیی لەبەردا بێت.

ئەگەر زۆرینەی کڕیارەکانت چاکەتوپانتۆڵ لەبەر دەکەن، ئەوا پێویستە تۆیش هەمان جل لەبەر بکەیت.

ئەگەر ناوەندنێکی یاریی (پلەیستەیشن)ت هەیە و گەنجان سەردانت دەکەن و پلەیستەیشن دەکەن، ئەوا دەبیت ئەو جلانە لەبەر بکەیت کە کڕیارەکانت لەبەریاندایە.

☆ ئایا هەمیشە هەمان ڕەنگی جل لەبەر بکەم؟

واتا ئەگەر: کڕیارەکانم هەموویان چاکەتوپانتۆڵ لەبەر بکەن، من کە چاکەتوپانتۆڵ لەبەردەکەم، هەمیشە ڕەش لەبەر بکەم؟

✓ وەڵام ئەمەیە:

دەتوانیت ڕەنگ بگۆڕیت، بەڵام باشترە شێواز نەگۆڕیت.

واتا باش نییە ڕۆژێک قاتی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر بکەیت و ڕۆژی دواتر پانتۆڵێک و چاکەتێک لەگەڵیدا.

پێویستە ڕەنگەکانیشت هاوشێوە و لێک نزیک بن، ناگونجێت ڕۆژێک جلەکانت ڕەش بن و ڕۆژێک مارۆنی لەبەربکەیت.

گەر ئەمەی باسی دەکەین، جێبەجێی بکەیت، وا دەکات شێوەیەکی تایبەت بە خۆتت هەبێت و بناسرێیتەوە بەو شێوەیەی خۆت.

تاکە تێبینییەک کە هەمانە ئەمەیە: جلەکانت وەک جلی کڕیارەکانت بن، بەڵام تۆزێک باشتر لەوان.

لە ئێستاوە ئەو جلەی کە دەدڕێت و تێکدەچێت، بۆ شوێنی کار لەبەری مەکە، بەڵکو جوانترین جلت بۆ کارەکەت بپۆشە.

هەروەها قاڵبێک بگرە لە پۆشاکدا، لە سیٚچوار ڕەنگێکدا خۆت بهێڵەرەوە و زۆر گۆڕین مەکە لە ڕەنگ و لە شێوەی جلتدا.

## دووەم: ڕوخسار

هەوڵبدە شێوەیەکی ڕوخسار بۆخۆت دیاری بکە و بیپارێزە، با هەمیشە کڕیارەکانت هەمان ڕوخسار ببیننەوە. مەبەستمان لە ڕوخسار: شێوەی ڕیش‌وسمێڵ و  داهێنانی قژە.

لە خانمانیشدا، پێویستە شێوەی تایبەتی خۆیان بپارێزن. هەفتانە ڕەنگی قژ و ڕووخساریان نەگۆڕن.

✰ بۆچی؟

چونکە کڕیارەکان ئاسوودەترن ئەگەر جار دوای جار هەمان شێوازە ڕوخسار ببینینەوە؛

چونکە زۆر گۆڕینی شێوەی ڕوخسار کاریگەریی خراپ دروست ئەکات لەسەر متمانەی کڕیارەکەمان.

# پێڕست



| | |
|---|---|
| کۆمێنتی خوێنەران | ٤ |
| پێشەکی | ٧ |
| بەشی یەکەم:  ئاشنابوون بە فرۆشتنی دکتۆرەکان | ٩ |
| بەشی دووەم:  بڕوانامەی فرۆشتن | ١٩ |
| بەشی سێیەم:  ئاشنابوون بە فرۆش | ٣٣ |
| بەشی چوارەم: لابردنی شمشێری کڕیار | ٣٩ |
| بەشی پێنجەم: پرسیاری دکتۆرییانە | ٥٧ |
| بەشی شەشەم:  ناردنی کڕیار بۆ تاقیگە | ٧٥ |
| بەشی حەوتەم:  پێشنیاری چارەسەر | ٧٧ |
| بەشی هەشتەم: وەڵامی بیانووەکانی کڕیار | ٩٣ |
| کۆتایی | ١٠٥ |
| پێڕست | ١٠٦ |
| سەرچاوەکان | ١٠٧ |
| بەرهەمەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان (کتێب) | ١٠٨ |

# سەرچاوەکان


- بەرهەمەکانی (برایان ترەیسی) لەبارەی فرۆشەوە.
- کتێبی بازاڕکاری دەروونی (ژان بقوسیان).
- وێبیناری فرۆشیاری ساماندار (ژان بقوسیان).
- بابەتەکانی ڕاهێنەری بواری فرۆش (عەلی ڕەزا داشبان).
- دەیان ڤیدیۆی یوتوب.
- ئەو گەڕانانەی لە گۆگڵدا کردوومە لە کاتی نووسینی کتێبەکەدا.
- خوێندنەوە و ئەزموونی چەندین ساڵی خۆم لە بواری فرۆشدا.

## بەرهەمەكانی گەشتیار غەریب

## لە پڕۆژەی كارسازی شادمان (كتێب)

| ژ | ناوی کتێب | شێواز |
|---|---|---|
| ١ | شادمانی لە ناوجەرگەی سەختییەکاندا | وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە |
| ٢ | دوای دڵت بکەوە | وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە |
| ٣ | ڕێی ساماندداربوون | ئامادەکردن |
| ٤ | کاتت زیاد بکە | ئامادەکردن |
| ٥ | دەرمانی کاردواخستن | ئامادەکردن |
| ٦ | دەستکەوتت زیاد بکە | ئامادەکردن |
| ٧ | بازاڕکاریی دەروونی | وەرگێڕان لە فارسییەوە |
| ٨ | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | نووسین |
| ٩ | کڕیارەکانت زیاد بکە | نووسین |
| ١٠ | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | وەرگێڕان لە فارسییەوە |

بۆ داواکردنی کتێبەکان: لێرە کلیک بکەن